حەمەی حەمە سەعید: پرۆژەیەک بە پاراستنی ئەرشیفەکانی هەرەمی کوردستان دادەمەزرێنین

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرەمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری چەند وەزارەتێکی دیکە کەبوونە و گفتوگۆیان لەبارەی پرۆژەی ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتمانی کرد، حەمەی حەمە سەعید دەڵێت، "لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە ناوەندێک بە پاراستنی ئەرشیفی هەرەمی کوردستان دادەمەزرێت."

حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرەمی کوردستان، ئەمە دوشەممە لە دیوانی وەزارەت سەرپەرشتی کەبوونەوەیەکی تایبەت بە دامەزراندنی "ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتمانی هەرەمی کوردستان"ـی کرد.

لە کەبوونەوەکەدا، هەریەك لە نوێنەرانی (وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، فەرمانگەی ڕەکخراوە ناحکومییەکان) بەشدار بون.

لە سەرەتای کەبوونەوەکەدا، حەمەی حەمەسەعید، تیشکی خستە سەر گرنگی پرۆژەی دامەزراندنی ئەو ناوەندە نیشتمانییە و کارکردنی زیاتر بە جێبەجێکردنی دەقی یاسای ژمارە (1)ی 2022ی پەرلەمانی کوردستان، "یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی لە هەرەمی کوردستان – عێراق"، کە ئەرکی دامەزراندنی

ناوەندەکەی بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سپاردوە.

حەمە سەعید وتی، پەویستە لەسەر بنەمای ستانداردی نەودەوڵەتی کار بە بنیاتنانی ئەو ناوەندە و ڕۆکارەکانی کەکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکان بکرێت و لە سەرتاوە دەبێت بینای ناوەندەکە تایبەتمەند بێت بەو بوارە و هەمو ڕۆکارەکی پیویست بگیرێتە بەر بە پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان.

بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەمی یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان سەرکایەتی ئەنجومەنێك دەکات بە ڕەکخستن و پلاندانان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە و نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان تێیدا ئەندام دەبن.

بە پێکهێنانی "ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتمانی هەرێمی کوردستان – عێراق"، هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی ناوەندێکی نیشتمانی بە کەکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنوس و پاراستنی ئەرشیفی کوردستان.